# وانەی ٧٧: دڵی خودا

لۆقا ١٨ و ١٥

لەنێو دیراسەتمان لە نووسینەکانی پێغەمبەراندا، بینیمان کە خودا پیرۆز و ڕاستودرووستە و ناتوانیٚ لە گوناه ببوریٚ. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەها بینیمان کە ئەو بەبەزەیی و میهرەبانە. ئەوە مزگێنیەکی زۆر خۆشە بۆمان، لەبەر ئەوەی بەناچاری پێویستمان بە بەزەیی ئەوە، و لەبەر ئەوەی هەموومان خودامان ئیهانە کردووە. لە سنوور دەرچوونمان و گوناهەکانمان دژوەستن بۆ خودا، و ئیدانەمان دەکات تاهەتا مەگەر ئەو بەزەیی پێمان بێتەوە! ئەمڕۆ پلانمان وایە دوو نموونە بخوێنینەوە کەوا خوداوەند عیسا بۆ خەڵکەکەی باس کرد. لە ڕێگای ئەم دوو چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە دەربارەی ئەو بەزەییە مەزنە فێر دەبین کە دڵی خودا پڕ دەکات، و چۆن گوناهباران دەتوانن ئەو بەزەییە وەربگرن.

لە یەکەم نموونە، دوو پیاو دەبینین: یەکێك کەوا بەزەیی خودای وەرنەگرت و یەکێکی تر وەریگرت. یەکێکیان سەر بە تایفەی فەریسیەکان بوو و زۆر خوێن گەرم بوو لە نوێژکردن و بە ڕۆژووگرتن و بە خشینی لە زاکاتەك. لە چاوی مرۆڤەوە زۆر لە ڕادەبەدەر ئایینی بوو. پیاوەکەی تر باجگر بوو، و گوناهبارێکی مەزن بوو لە چاوی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی زۆربەی باجگران ڕاستگۆ نەبوون.

بخوێنەوە لە چیرۆکی فەریسیەکە و باجگرەکە. لە بەشی هەژدەهەمی ئینجیلی لوقا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ:
(لۆقا ١٨) [٩] بۆ ئەوانەی دڵنیا بوون کە بەخۆیان بیٚتاوانن و خەڵکی سووک دەکەن، ئەم نموونەیەی هێنایەوە: [١٠] (دوو کەس بۆ
نوێژکردن چوونە پەرستگا، یەکێکیان فەریسی و ئەوەی دیکە باجگر. [١١] فەریسییەکە وەستا، لە دڵی خۆیدا ئەم نوێژەی دەکرد:
(خودایە سوپاست دەکەم وەک خەڵکی دیکە نیم - قۆڵبڕ و خراپەکار و داوێنپیس - وەک ئەم باجگرەش نیم. [١٢] هەفتەی دوو جار
بەڕۆژوو دەبم، ئەوەی دەستم دەکەویٚت دەیەکی دەبەخشم.) [١٣] بەڵام باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان
بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیووت: (ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە.) [١٤] پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی
خۆی بیٚتاوان کرابوو، پێچەوانەی ئەوی دیکە. چونکە ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز
دەکرێتەوە.)

عیسا دەیویست چی فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە کورتە؟ بە کورتی، عیسا ئەوەی فێر کرد کە خودا بەزەیی بەرامبەر ئەو کەسانە نیشان دەدات کە دان بە ناڕاستودرووستی خۆیان دادەنەن بەرامبەری و ئیدانەی ئەو کەسانە دەکات کە پێیان وایە ڕاستودرووستن بەرامبەری. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنیٚ کاتیٚ دەفەرمویٚ: خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە ڕۆحسووکەکان. (١ پەترۆس ٥:٥) ئەوەی مرۆڤ ڕێزی لیٚ دەگریٚ خودا ڕقی لێی دەبێتەوە. ئایا خودا ئەو کەسانە قەبولٚ دەکات کە ستایشی خۆیان دەکەن و دەڵێن، (من کەسێکی ڕاستودرووستم! دوعا دەکەم! بەڕۆژی دەبم! دەیەك دەدەم! دەچمە مزگەوت! دەچمە کەنیسە! ئەمە دەکەم و ئەو دەکەم!)؟ ئایا ئەم هەموو (منە) دڵی خودا خۆش دەکات؟ نەخێر! دڵی خودا ناتوانیٚ خۆشی بیٚ کارەکان کەرەگی لووت بەرزی تێدابێت.

خودا قێزی لە دڵی ئاوا دەبێتەوە. قابیلی لە بیرە، نۆبەرەی ئادەم، ئەوەی ویستی بە هەوڵی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە؟ ئایا خودا قوربانییەکەی قەبولٚ کرد؟ نەخێر، قەبولٚی نەکرد. خودا نەگۆڕاوە. تا ئەمڕۆ، دڵی خودا ناتوانیٚ بە کردەوەکانی مرۆڤ خۆش بێت، لەبەر ئەوەی هەوڵەکانمان تەواو نیە بەرامبەر ئەو. ئەوەی خودا دەیەویٚ بۆمان ئەوەیە کە دان بە باری گوناهباری خۆمان دابنەین، وەك ئەو باجگرەی لە سینگی خۆی دەدا و دەیوت، (ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە.) دڵێکی ئاوا شکاو دڵی خودا خۆش دەکات. بەڵام بەتوندی قێزی لەو کەسانە دەبێتەوە کە خۆیان بە کەسی تر بەراورد دەکەن، وەك فەریسییەکە کە بە خۆی

دەوت، (خودایە سوپاست دەکەم وەک خەڵکی دیکە نیم - قۆڵبڕ و خراپەکار و داوێنپیس - وەک ئەم باجگرەش نیم.)

ئەوەی فەریسییەکە نەیزانی ئەوەیە کە لە ڕۆژی دوایی، خودا بەراوردمان ناکات لەگەڵ خەڵکی گوناهباری تردا. لەباتی ئەوە، خودا لەگەڵ یاسای پیرۆز و تەواوی خۆی بەراوردمان دەکات کە دەفەرموێ: (چونکە ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە!) (یاقوب ٢: ١٠) ئەو خودایەی فەرمووی، (داوێن پیسی مەکە) هەروەها فەرموویەتی، (درۆ مەکە). ئەگەر داوێن پیسیت نەکردبێ بەڵام تاقە درۆیەکت کردبێ، ئەو کاتە تۆ یاسای خودات شکاندووە. ناتوانی بچیتە بەهەشت، شوێنی ئامادەیی خودا، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (هیچ شتێکی گڵاو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن) (بینین ٢١: ٢٧) لەبەر ئەوە نەوەکانی ئادەم پێویستییان بە بەزەیی خودایە. ئایا تۆش وەك باجگرەکەی نموونەکە بەزەیی خودات وەرگرتووە؟ یاخود تۆش وەك فەریسییەکە هێشتا هەوڵ دەدەی بە هەوڵدانی خۆت ببی بە ڕاستودرووست؟

ئێستاش با نموونەی دووەم بخوێنینەوە کەوا پشانمان دەدات دڵی خودا پڕە لە خۆشەویستی و بەزەیی، وەك باوکێك منداڵەکانی چەن خۆش دەوێ. لە بەشی پازدەی ئینجیلی لۆقا دەخوێنینەوە: (لۆقا ١٥) ١ هەموو باجگر و گوناهباران لێی نزیک دەبوونەوە تاکو گوێی لێ بگرن. ٢ جا فەریسی و مالمەکان بۆڵەبۆڵیان دەکرد: (ئەمە پێشوازی لە گوناهباران دەکات و نانیان لەگەڵ دەخوات.) ٣ عیساش ئەم نموونەیەی بۆ هێنانەوە...

١١ کابرایەک دوو کوڕی هەبوو. ١٢ بچووکەکەیان بە باوکی وت: (باوکە، بەشی خۆمم لە میراتەکە بدەرێ.) ئەویشماڵەکەی بۆ دابەشکردن. ١٣ دوای چەند ڕۆژێک، کوڕە بچووکەکە هەموو شتەکانی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، لەوێ ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا. ١٤ لەدوای ئەوەی هەمووی خەرج کرد، گرانییەکی گەورە کەوتە ناوچەکە، جا دەستی بە نەبوونی کرد. ١٥ ئیتر چووە پاڵ هاوڵاتییەکی ناوچەکە، ئەویش ناردییە کێڵگەکانی بۆ لەوەڕاندنی بەراز. ١٦ حەزی دەکرد بەو خڕنووکە برسییەتی بشکێنێت کە بەرازەکان دەیانخوارد و کەسیش نەیدەدایێ.

١٧ ئینجا بە هۆش خۆی هاتەوە و وتی: (ئاخۆ چەند کرێکاری باوکم نانیان لەبەر دەمێنێتەوە، منیش لێرە وا لە برسان دەمرم. ١٨ هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد. ١٩ ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە کرێکارێکی خۆت.) ٢٠ جا هەڵستا و گەڕایەوە لای باوکی، هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و لە باوەشی کرد و ماچی‌کرد. ٢١ کوڕەش پێی‌ووت: (باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم.) ٢٢ بەڵام باوکەکە بە خزمەتکارانی خۆی وت: (خێرا باشترین بەرگ بهێنن و لەبەری بکەن، ئەنگوستیلەیەک بکەنە پەنجەی و پێڵاویش بۆ پێی. ٢٣ گوێرەکە دابەستییەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین. ٢٤ چونکە ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندووبۆتەوە، ونببوو و دۆزراوەتەوە.) جا دەستیان پێ‌کرد دڵخۆش دەبوون.

٢٥ کوڕە گەورەکە لە کێڵگە بوو، کە دەهاتەوە و لە ماڵ نزیک‌بۆوە، گوێی لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بوو. ٢٦ یەکێک لە خزمەتکارانی بانگ‌کرد و پرسیاری کرد، (ئەمە چییە؟) ٢٧ پێی‌ووت: (براکەت گەڕاوەتەوە، باوکیشت گوێرەکە دابەستییەکەی سەربڕی، چونکە بە ساغی وەریگرتەوە.) ٢٨ تووڕە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە. ئیتر باوکی هاتە دەرەوە و تکای لێ‌کرد. ٢٩ ئەویش وەڵامی باوکی دایەوە: (ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم. ٣٠ بەڵام کاتێ ئەم کوڕەت هاتەوە، ئەوەی ماڵەکەتی لەگەڵ داوێنپیسان لووش‌کرد، گوێرەکە دابەستییەکەت بۆی سەربڕی.) ٣١ ئەویش پێی‌ووت: (کوڕم، تۆ هەمیشە لەگەڵ منی، هەرچیم هەیە هی تۆیە. ٣٢ بەڵام پێویستە دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و زیندووبۆتەوە، ونببوو و دۆزراوەتەوە.)

خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە سەرنج ڕاکێشەوە؟ لەم نموونەیە، سێ پیاومان بینی: باوکەکە، کوڕە بچووکەکە

و کوڕە گەورەکە.

باوکەکە لە چیرۆکەکە نیشاندەری خودایە.

کوڕە بچووکەکە نیشاندەری گوناهبارانە کەوا لە گوناهەکانیان تۆبە دەکەن و داوای بەزەیی لە خودا دەکەن.

کوڕە گەورەکەش نیشاندەری خەڵکە ئایینیەکەن کەوا خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن بە خۆ بە ڕاستودرووست دانان بەرامبەر خودا.

یەکەم، با کەمێك بیر بکەینەوە لە کوڕە بچووکەکە کەوا بە دوای سرووشتە گوناهبارەکەی کەوت لە ژیانێکی بەرەڵایی لە خاکێکی دوور. ئەو کوڕە چی لێ دەرچوو؟ بینیمان لە کۆتاییدا زانی کە خودا و مرۆڤی بریندار کردووە. لەبەر گوناهەکانی غەمبار بوو و تۆبەی کرد و ووتی، (هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد. ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە کرێکارێکی خۆت.) بۆیە، بینیمان چۆن کوڕە بچووکەکە پشتی لە ئاخوڕی بەرازەکە کرد و بەرەو ماڵی باوکی ڕۆیشت.

ئەی باوکەکە چی کرد؟ ئایا لە کوڕەکەی تۆڕەبوو کەوا سەروەت و سامانی لەناودا؟ ئایا وەك تەنها کۆیلەیەك وەری گرتەوە؟ نەخێر! عیسا فەرمووی، (هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و لە باوەشی کرد و ماچیکرد. کوڕەش پێیووت: (باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم.) بەڵام باوکەکە بە خزمەتکارانی خۆی وت: (خێرا باشترین بەرگ بهێنن و لەبەری بکەن، ئەنگوستیلەیەک بکەنە پەنجەی و پێڵاویش بۆ پێی. گوێرەکە دابەستییەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین. چونکە ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندووبۆتەوە، ونببوو و دۆزراوەتەوە.!)

چی لەم شتە فێر دەبین؟ دەتوانین ئەوە فێربین کە خودا وەك ئەو باوکەیە کەوا پڕ بوو لە بەزەیی! خودا گوناهبارانی خۆش دەوێ و دەیەوێ بەزەییان پێ نیشان بدات، بەڵام چاوەڕوانی هەر گوناهبارێك دەکات تۆبە بکات لە گوناهەکەی و شوێنی ڕێگای ڕاستودرووستی بکەوێت کە دایمەزراندووە.

سەبارەت بە کوڕە گەورەکە، شتێکی سەرنج ڕاکێشمان بینی. کوڕە گەورەکە دڵی میهرەبانی نەبوو وەك باوکی. لەباتی ئەوە، تورە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە، و بە باوکی دەوت، (ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم.!) خوێندب کوڕە گەورەکە چی ووت؟ ووتی، (ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلەییت بۆ دەکەم) بەڵام، ئەوەی کوڕە گەورەکە لێی تێنەگەیشت ئەوە بوو کە باوکەکە کوڕێکی نەدەویست وەك کۆیلە کاری بۆ بکات. ئەوەی دەیویست کوڕێك بوو کەوا خۆشی بوێت لە دڵەوە و خۆش حاڵ بێت بە ئەنجام دانی خواستەکانی ئەو.

تا ئەمڕۆ، زۆربەی نەوەکانی ئادەم وەك کوڕە گەورەکەن. خۆیان بەوە دادەنەن کە (کۆیلەی خودان). بەڵام خودا نایەوێ ئێمە تەنها کوێلە بین. دەیەوێ ئێمە وەك کوڕ و کچ بین بۆ ئەو. ئەوە ئەوەیە نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ سەبارەت بە وانەی عیسا وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەر وەردەگرن کە دەفەرموێ: چونکە ڕۆحی کۆیلەییتان وەرنەگرتووە بۆ ترس بتانگەڕێنێتەوە، بەڵکو ڕۆحی لەخۆگرتنەوەتان وەرگرتووە، بەهۆیەوە هاوار دەکەین: (بابە! باوکە!) (ڕۆما ٨: ١٥)

ئایا خۆت وەك کوێلەی خودا دەبینی یاخود وەك کوڕی خودا؟ خۆت لەکێی ئەم نموونەیەی ئێستا خوێندمانەوە دەبینی؟ ئایا تۆ وەك کوڕە بچووکەکەی کەوا گوناهی خۆی ناسی و بەزەیی باوکی وەرگرت؟ یاخود وەك کوڕە گەورەکەی کەوا ئیشی بۆ باوکی کرد وەك کوێلەیەك؟ خودا نایەوێ وەك کوێلەیەك بیت کەوا لە گەورەکەی دەترسێ. ئەوەی خودا بۆ تۆی دەوێ ئەوەیە کەوەك کوڕ بیت کەوا باوکی خۆش دەوێ و دڵ خۆش بێت بە جێبەجێ کردنی خواستی ئەو. خودا تۆی خۆش دەوێ و پەرۆشی نیشاندانی بەزەیی بە تۆ، بەڵام چاوەڕوانتە تۆبە بکەی و ڕوو لەو بکەی. ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر ئیشایا نووسی کە دەفەرموێ: بۆیە پەروەردگار چاوەڕێ

دەکات، تا میهرەبان بێت لەگەڵتان بۆیە هەڵدەستێت، تا بەزەیی پێتاندا بێتەوە. چونکە خودای دادپەروەرییە پەروەردگار خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن. (.ئیشایا ٣٠: ١٨)

خودای میهرەبان و بەبەزەیی چاوەڕێی تۆ دەکات بچیتە لای، وەك چۆن باوکەکەی نموونەکە چاوەڕێی کوڕە بچووکەکەی کرد بێتەوە ماڵەوە. خودا دەیەوێ تۆبە بکەی بە دڵێکی شکاو و بێ دەعیەوە . ئەگەر بەو باوەرە بێیتە لای خودا و پڕ بە دڵ لێی بگەڕێی، ئەو کاتە بێ گومان بە لەوەی کە بەو خودایە شاد دەبیەوە کە دڵێکی باوکانەی هەیە پڕە لە میهرەبانی و بەزەیی. بەڵام ئەو کەسەی لووت بەرزە و قێزی لە بەزەیی مەزنی خودا دەبێتەوە هیچی دەست ناکەوێ تەنها دادوەری خودا کەوا بێ بەزەیی دەبێت!

لە وانەی داهاتوو، بەردەوام دەبین لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسا پیاوێکی مردووی هەستاندەوە بۆ ژیان کەوا لە گۆڕ بوو بۆ چوار ڕۆژ!

دەبا خودا توانای بینینی ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە بداتێ. لە بیرتان بێت: خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە ڕۆحسووکەکان. (١ پەترۆس ٥:٥)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا دەیویست چی فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە کورتە؟
٢. ئایا خودا ئەو کەسانە قەبوڵ دەکات کە ستایشی خۆیان دەکەن و دەڵێن، (من کەسێکی ڕاستودرووستم! دوعا دەکەم! بەڕۆژی دەبم! دەیەك دەدەم! دەچمە مزگەوت! دەچمە کەنیسە! ئەمە دەکەم و ئەو دەکەم!)؟ ئایا ئەم هەموو (منە) دڵی خودا خۆش دەکات؟
٣. قابیلی لە بیرە، تۆبەرەی ئادەم، ئەوەی ویستی بە هەوڵی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە؟ ئایا خودا قوربانییەکەی قەبوڵ کرد؟
٤. ئایا تۆش وەك باجگرەکەی نموونەکە بەزەیی خودات وەرگرتووە؟ یاخود تۆش وەك فەریسییەکە هێشتا هەوڵ دەدەی بە هەوڵدانی خۆت ببی بە ڕاستودرووست؟
٥. خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە سەرنج ڕاکێشەوە؟
٦. ئەو کوڕە چی لێ دەرچوو؟
٧. ئەی باوکەکە چی کرد؟ ئایا لە کوڕەکەی تۆڕەبوو کەوا سەروەت و سامانی لەناودا؟
٨. ئایا وەك تەنها کۆیلەیەك وەری گرتەوە؟
٩. چی لەم شتە فێر دەبین؟
١٠. کوڕە گەورەکە چی ووت؟
١١. ئایا خۆت وەك کوێلەی خودا دەبینی یاخود وەك کوڕی خودا؟
١٢. ئایا تۆ وەك کوڕە بچووکەکەی کەوا گوناهی خۆی ناسی و بەزەیی باوکی وەرگرت؟ یاخود وەك کوڕە گەورەکەی کەوا ئیشی بۆ باوکی کرد وەك کوێلەیەك؟


**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013

Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**


rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org